گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد ئارگۆن

نوێگەری مادیی پەبێ نوێگەریەکی فیکری گوزارشت لە قولایی دواکەوتنمان دەکات

لە عەرەبییەوە: محمد چیا

محمد ئارگۆن خاوەنی یەکێک لە گرنگترین ئەو پرۆژە فیکریو مەعریفیانەیە، کە ئاسۆیەکی فراوانی بەسەر فیکری عەرەبی ئیسلامیدا کردوەتەوە لە ڕێگەی پراکتیکیەکانیەوە بۆ دەستکەوتەکانی زانستە مرۆییە هاوچەرخەکان لە لێکۆڵینەوەی ئیسلامیدا و هەوڵدان بۆ بنجداکوتانی مەنهەجیەتێکی مێژووی نوێ لە فیکری ئیسلامیدا، کە ئەمە دەبێتە تەوەرەیەکی سەرەکی لە پرۆژە گشتیەکەیدا (ڕەخنەی عەقڵی ئیسلامی)و پێیوایە تاکە ڕێگایەکە بۆ بەدیهێنانی تێگەیشتنێکی زانستی سەبارەت بە واقیعی مێژوویی کۆمەڵگە ئیسلامیەکان، لەویشەوە ڕوخانی هەموو وەهمە گەورەکانی خودی مرۆیی لەبارەی خۆیەوەو هەڵوەشاندنەوەی هەموو دەمارگیریە مەزهەبی و ڕەگەزیەکان بەخستنیانە بەردەم مەحەکی تێگەیشتنی زانستیەوە کە دەچێتە ناو حەقیقەتی واقیعە مێژووییەکەو ئەم ڕەوشە سیاسیەی کە هاوڕێی دروستبوونی بووە.

بیرمەند محمد ئارگۆن پێشتر بەشداری لەو کۆبونەوە ڕۆشنبیرییە گەورەیەدا کرد، کە شارەوانی (مەسقەت) سازیکردبوو لەناو ژمارەیەک لەدەستە بژێرانی دەرکەوتووترین بیرمەندو ئەدیب و شاعیرانی عەرەبدا، ئارگۆن باسێکی گرنگی پێشکەش کرد بەناونیشانی (ئەوەی لە فیکری ئیسلامیدا بیری لێنەکراوەتەوە) کە ئەمەیش لە سیاقی پرۆژە فیکرییە گەورەکەیدا هاتبوو.

پ: محمد ئارگۆن تێدەکۆشێت لە پێناو بونیادنانی (ئیسلامیاتێکی پراکتیکی) ئەمەش دەستەواژەیەکە لە کتێبی (ئەنترۆپۆلۆژیای پراکتیکی) ڕۆجیە باستیدوە وەرگیراوە، لێرەوە ئەم مەنهەجیەتە کە هەوڵدەدرێت بەسەر قورئانی پیرۆزدا پراکتیک بکرێت، وپێشتریش بەسەر دەقە مەسیحیەکاندا پراکتیک کراوە، مەبەستیش پێی ملکەچکردنی دەقی ئاینە بۆ مەحەکی ڕەخنەی مێژوویی بەراوردیی، شیکاری (الالسنی) تەفکیکی و تێڕامانی فەلسەفی پەیوەست بەبەرهەمهێنانی ماناو فراوان بوونەکانی و گۆڕانکاریەکانی و داڕووخانەکانیەوە، پرسیارەکەم ئەمەیە دەربارەی ئەو زیادکردنانەی خستوەتە ناو ئەم مەنهەجەوە، هەروەها ئەو تایبەتمەندیانەیش کەچاودێریت کردون تێیدا بەو پێیەی کەبەڕێزتان تۆڕێکی موسڵمانن؟

ئارگۆن_ : ئەمە پرۆژەی باسێکە من پێشنیازو کردووە هەتا گرنگی پێبدرێت و تۆێژەرەوانی عەرەب بەشداری تێدا بکەن، هەروەها ئەو قوتابیانەش کە لەبواری لێکۆڵینەوە ئیسلامیەکاندا تایبەتمەندیان هەیە، ئەم پرۆژەیەش پەیوەستە بە بەرنامەیەکەوە بۆ تۆێژینەوە لە بارەی دەقی ئاینیەوە بە شێوەیەکی گشتی، دەقی ئاینیش تەنها پەیوەست نیە بە موسڵمانانەوە، چونکە ئەم پرۆژەیە بونیادنراوە لەسەر ناسینی دیاردەی ئاینی بە شێوەیەکی گشتی، هەتا دیاردەی ئیسلامی، ئاین دەگەیەنێتە ئاسۆیەکی فراوانتر لە ئاسۆی ئیسلامی کە هەمیشە جێی گرنگی من

لێرەشەوە ئیدی بەو دیدەوە دەروانێتە مێژووی ئیسلام وەکو ئاینێک و مێژووی ئیسلام وەکو چوارچێوەیەکی فیکری بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی رووبداوە، یان رووەدات لە ئاینەکانی تردا، بەتایبەتیش ئەو ئایانانەی لەبنچینەیانەوە پەیوەستن بە ئاینی ئیسلامیەوە، مەبەستم لە یەهودیەت و مەسیحیەتە، چونکە قورئان باس لەم ئاینانە دەکات و بەنی ئیسرئیلی دەدوێنێت لەسەر بنچینەی ئەوەی کە ئەوانە (ئەهلی کیتاب)ن، واتە ئەو گەلانەن کە دیاردەی (کیتاب) یان پێش قورئان ناسیوە، ئەمەیش دەرگایەکی فراوانترمان بەسەردا دەکاتەوە سەبارەت بە مێژووی ئاینەکان، ئەگەر لەم پێگەوە دەستمان پێکرد، کەوا کیشەی مێژوو بەو شێوەیە دەخاتەروو کە لە زانستی کەلامدا بە (مێژووی رزگار بوون) ناسراوە رزگار بوون، واتە چۆن ژیانمان بگوزەڕێنین وەکو بروادارێک کە وەرگری قسەی خوای گەورەین، بۆ ئەوەی لەژیانماندا جێ بەجێی بکەین، بۆ ئەوەی پاش مردنمان و گوێزانەوەمان بۆ ئەو دونیای تر لەبەهەشتدا بین، نەک دۆزەخ ، ئەمە پێی دەوترێت مێژووی رزگاربوون.

چونکە بیرۆکەی رزگار بوون مێژوویەکی هەیە کە تەنها لە قورئاندا ئاماژەی پێنەکراوە، بەڵکو هەروەها لەتەورات‌دا لەگەڵ موسی و لەگەڵ ئەو پێغەمبەرانەی تریشدا کە قورئان باسیکردوون هەبووە، پێویستە گرنگی بەمە بدەین وەک مێژووی رۆحانی کە جیاوازە لە مێژووی سیاسی و کلتوری...هتد . مێژوویەکی رۆحانی هەیە پەیوەستە بە بوون یان هەبوونی قسەی خوا لەسەر مرۆڤ، بەپێی تێروانینە مێژوویەکەیش سەبارەت بەمە دەتوانین لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم میژووەو پەرەسەندنی بکەین، هەروەها ئەو پەندانەی قورئان لەو چیرۆکانە وەریاندەگرێت، دەربارەی ڕابردووی ئەو گەلانە دەدوێت کە پێغەمبەریان بۆ ڕەوانەکراوە(کەلام) ی خوایان بۆ دابەزیوە، ئەمەیش بابەتێکی گرنگە بەڵام گرنگتر دەبێت ئەگەر بەو ئاستە کراوەیە کۆڵیەوە، کە چۆن قورئان خۆی کردوویەتی، بەڵام (موفەسیرەکان وموتەکەلیمەکان) لایاندا لەم ئاسۆ فراوانەی کە قورئان بۆی کردوینەتەوە، ئەگەر قورئانمان خوێندەوە بەشێوازەکانی مێژوی ئاینەکان، کە هێشتا مومارەسەمان نەکردووە، ئەوا ئاسۆیەکی فراوانمان بەسەردا دەکرێتەوە، ئەوەی شەهرستانی و ئیبن حزم دەربارەی (الملل و النحل) نوسیویانە، وازمانلێهێناو دورمانلێگرت، بەو شێوەیە دەبینی ئێمە زۆر زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە لە مێژووی ئیسلامدا هاتووە نەک لەسەر ئەوەی کە لە قورئان خۆیدا هاتووە، لێرەدا جیاوازییەک هەیە لەنێوان ئەو قورئانەی کەلامی خوایەو دابەزیوەتە سەر هەموو مرۆڤەکان، لەگەڵ ئەو کۆششە کە فەقیهە موسڵمانەکان پێی هەستاون بۆ بەرهەمهێنانی کتێبەکانیان کە ئێستا ئێمە دەیانخوێنینەوەو لێیانەوە وێنەو تێگەیشتنەکانمان سەبارەت بە ئیسلام وەردەگرین، ئەمەش بە سروشتی حاڵ تێگەیشتنێکە گۆڕاوە بە گۆڕانی بارودۆخە مێژوویی و بارودۆخە کلتوریەکان لەکۆمەڵگەدا، هەروەها ملکەچە بۆ ئەو هێزە سیاسیەی کاردەکات لە کۆمەڵگەدا، بۆیە لێرەوە پێویستە لەو ئاستە قورئانیە تێبگەین، کە کەلامی خوایەو چەندین ئاسۆمان بۆ دەکاتەوە بۆ تێفکرین و تێڕامان و بیرکردنەوە، بەڵام ئەم جۆرە بیرکردنەوە فراوانە کراوەیە، پەراوێزکراوەو تەسککراوەتەوە هەتا وایلێهاتووە زۆر کەمتر لەوەی کە لە قورئاندا هەیە، هەتا ئێمە وامانلێهاتووە کە زانستی کەلام ناخوێنین و ئەو زانستەی کە پێشتر دەخوێنراو گفتوگۆی لەسەر دەکرا، ئەمەیش ئەو ئاراستانەن کە هەوڵمداوە ئێمە وەکو تۆێژەران و مامۆستایان بیگرینە خۆمان، هەتا هەموو موسڵمانان بەشداری تێدا بکەن و بەشداری لە تۆێژینەوەیدا بکەن و گەشە بەفیکریان بدەن، بۆ ئەوەی هەموو موسڵمانان بەشداری تێدا بکەن پێویستە بە شێوەیەکی فراوان لێکۆڵینەوەی زانستە کۆمەڵایەتیەکان بکەین، کە دەوڵەمەندمان دەکەن بە ئامرازی فیکری و بە مەنهەجەکانی تۆێژینەوە، هەروەها بەو شێوازە نوێیانەی کە هێشتا لە گۆڕاندان بەرەو باشتر و بە شێوەیەک کە وردیەکی زیاتری تێدایە، بەوپێیەش سوودمەند دەبین لەهەموو ئەمانە بۆ خێندنەوەیەک لەپێناو دەوڵەمەندکردنی گوتارە قورئانیەکەدا نەک دووبارەکەوتنەوە لێی، هەروەکو زۆرێک لەوانەی کە کتێبەکانی من دەخوێننەوە دەربارەی ئەم بابەتە خەیاڵیان بۆ ئەمە دەچێت، چونکە ئەوان نایەنەوێت هەوڵ و کۆششی زۆر بکەن و تەنها بە دوبارەکردنەوەی ئەوانەی کە وەرمانگرتووە وازدەهێنن، کە لەبارەی مێژووی ئیسلامیەوەیە نەک خودی گوتارە قورئانیەکە، من هەمیشە جەخت لەسەر ئەمە دەکەمەوە، چونکە من جیاوازی دەکەم لە نێوان دیاردەی قورئانی و دیاردەی ئیسلامیدا وەکو دیاردەیەکی مێژوویی.

پ: کەواتە تۆ پێتوایە زۆر لایەن هەیە لەتەعالیمی ئیسلامی کەوا ئێستا گوتارە ئیسلامیە باوەکە شۆردونیەتەوە؟

ئارگۆن: بەڵێ وایە، زۆرێک مەزهەبی جۆراوجۆر لە ئیسلامدا لەماوەی مێژووی دەوڵەتی ئەمەوی و دەوڵەتی عەباسیدا پەیدا بوون ، هەروەها ئازادیەک هەیە کە لەبەراییەکانی ئیسلامدا دراوە لە چاخەکانی چواردەمی سەرەتای پاش کۆچدا، لەو سەردەمانەدا موسڵمانەکان بواریکی باشیان پێدرابوو لە ئازادی بیرکردنەوەو گفتوگۆکردن و بەهۆی ئەمەوە چەندین هەڵوێستی فیکری و گونجاو سەریانهەڵدا، هەروەها چەند مەزهەبی جۆراوجۆر لە زانستی کەلامداو لە فیقە و تەفسیری نەحوی و زمانی، هەروەها کەسانێک پەیدا بوون کە تەفسیری، صۆفی یان تەفسیری فیقهی، یان تەفسیری زانستی فەلسەفیان لە خۆدەگرت.

وەکو دەبینن چەندین ئاراستە هەیە، چونکە قورئان پرە لەماناو

ناکرێت تەنها لە یەک ئاراستەدا دیاریبکرێت، هەرگیز ناکرێت، بەڵکو پێویستە هەموو لایەنەکانی مانا لە قورئاندا لەخۆبگیرێت، لەلایەکی تریشەوە ئەم مەزهەبانە لەچەندین ڕەوشی سیاسی دا پەرەیان سەندووە، سیاسەتیش هەمیشە ڕۆڵی خۆی دەگێرێت لە ئاراستە کردنی ئەو باسانەدا لەبارەی مەسەلەی ئاینیەکانەوە، چونکە دەوڵەت هەمیشە گرنگیدەدات هەتا لێیانەوە شەرعیەتی خۆیان وەکو دەسەڵات وەربگرن. ئەمەیش حالەتێکی گشتیە جێ بەجێ دەبێت بەسەر هەموو ئەو دەوڵەتانەدا کەلە مێژووی مرۆیی دا دەرکەوتوون، بەڵام ئەوەی پێویستە ئاگامان لێ بێت ئەوەیە کە ئەم بەکارهێنانە سیاسیە بۆ لایەنە ئاینیەکە گرفتی زۆر بەرهەمدەهێنێت، ئەم گرفتانەش پێویستە بەچاوی گرنگی پێدانەوە وەریانبگرین و بیانخەینە ژێر لێکۆڵینەوە، بەو پێیەی کە ئەمانە کۆمەڵە گرفتانێکن، بۆ نموونە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە ئەنجامبدەین چۆن ئەم مەزهەبانە سەریانهەڵداوە، و لەژێر چ کاریگەریەکدا هەتا وایان لێهاتووە تووندڕەو و دابراوبن لەیەکتری و هەروەها بێ ئاگا لەیەکتری بۆ نموونە: ئێمە لە ڕۆژئاوای عەرەبی تەنها یەک مەزهەب دەناسین و هەموومان سەر بەمەزهەبی (مالکی) ین، وەکو ئەوەی مەزهەبەکانی تر لە ئیسلامدا بوونیان نەبێت، ئێستا ناتوانین ئاماژە بکەین بۆ بوونی فرەییەکی ئیسلامی یان هەتا فرەیەکی کلتوری، ئەگەر ئێمە تەنها یەک مەزهەبمان هەبوو ئیتر گفتوگۆی چی بکەین، کوا شیعەکان؟ کوا ئیسماعیلیەکان؟ کوا (زیدیەکان، کوا جەعفەریەکان)؟ کوا شافیعیەکان کە لەئەندەنووسیا هەن؟ حەنبەلیەکان کە لە عەرەبستانی سعودی هەنە؟ ئەباچیەکان کەخەریکە لە مێژوودا بەتەواوی دەسڕێنەوە تەنها کەمینەیەکیان لە جەزائیر و یەجربا لە تونس و(جبل نفوسە) ماون، لە کاتێکدا ڕەوتی ئەباچی لە ڕابردوو دا زۆر بەهێز بووەو بەشداریەکی گەورەی کردووە لە دەوڵەمەندکردنی فیکری ئیسلامیدا. هۆی کورت بوونەوەی بواری ئەم مەزهەبانەیش لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵە فاکتەرێکی سیاسی، من بۆ خۆم بانگەشە دەکەم بۆ ڕێزگرتنی هەموو ئەوانەی بەشداریان هەبووە لە فیکری ئیسلامی و فرەیی لەدەوڵەمەندکردنی فیکری ئیسلامیدا، بە سروشتی حالیش هیچ شتیکی لێ کەم نابێتەوە، زۆرێک لەخەڵک دەترسن لەو ناکۆکیانە لە نێوان مەزهەبەکاندا مادام نەزانین بەیاساکانی گفتوگۆکردن و بەیاساکانی تۆیژینەوە ، بەڵام ئەگەر یاساکانی تۆیژینەوەی زانستی و بنەماکانی دیالۆگمان جێبەجێکرد، ئەوا ئەم فرەییە دەبێت بە بەرەکەت، بەرەکەتێکی گەورەو سودێکی زۆر گەورەی لێدەبینین، چونکە لێیەوە فێری لێبوردن دەبین و لێیەوە ڕۆحی لێبوردن لەنێوان هەڵوێستە جۆراو جۆرەکاندا بەدەستدەهێنین، چونکە لێبوردن ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە پەروەردەکردنی مرۆڤدا لەسەر لێبوردن و دیالۆگکردن و قبوڵکردن و گۆڕینەوەی ڕای جیاوازو پێچەوانە، ئەمەیش ئەو ئامانجەیە کە مەبەستمانە.

زۆرێک لەخەڵک دەترسن لەو ناکۆکیانە لە نێوان مەزهەبەکاندا مادام نەزانین بەیاساکانی گفتوگۆکردن و بەیاساکانی تۆیژینەوە ، بەڵام ئەگەر یاساکانی تۆیژینەوەی زانستی و بنەماکانی دیالۆگمان جێبەجێکرد، ئەوا ئەم فرەییە دەبێت بە بەرەکەت

بۆ نموونە من دەڵێم مەزهەبی ئەباچی بە هۆیەکی سیاسی پەراوێزکراوە و من بەم پەراوێزکردنە ڕازینابم، چونکە ئەباچیەت بەشداریکردووەو بەشداریدەکات و مێژوویش شاهیدی لەسەر ئەمە دەدات، هەروەها ئیسماعیلیەکان هەن و خاوەنی ئیمامی خۆیانن لێرەوەیە کە (کریم ئاغاخان)ە کە کۆمەڵێکن لە موسڵمانان و هەڵدەستن بەئەنجامدانی کاری زۆر سوود بەخش، کەواتە کاتێک بانگەشە بۆ گەرانەوەی فرە مەزهەبی دەکەم مەبەستم لێی فرەیی فیکرییە، کە هزری خەڵکی دەکاتەوە بۆ ئەو ئەفکارانەی خاوەن زمان و کلتورو نەریتە جۆراو جۆرەکان دەیهێنن، ئەمەیش سوودێکی گەورە بە هەموومان دەگەیەنێت، بۆ نمونە من دەمەوێت لەبارەی زمان و کلتوری گەورەو دەوڵەمەندی(چین) ەوە بزانم شارەزابم، هەروەها دەربارەی کەلتوری دەوڵەمەندو فراوانی هیندی، موسڵمانە بەراییەکان گرنگیان بەمانە دەداو لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە دەکرد، بیرمەندێکی گەورەی وەکو (البیرونی) خەریکە ئەمرۆ لەبارەیەوە بڵێین، کە ئەو کەسێکی ئەنپرۆپۆلۆژی بووە، چونکە ئەو باسی کەلتورو زمان و بیروباوەری هیندیەکانی کردووە بەبێ دەمارگیری بۆ ئیسلام. لە کاتێکدا ئێمە لەمەزهەبەکان و فرە مەزهەبی دەترسین، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پاشەکشێی فیکری و کەلتوریمان، ئەمەیش نموونەیەکی گرنگەو پێویستە لێکۆڵینەوەی باشی لەبارەوە بکرێت، هەروەها ئەدەبی جوگرافیش لە فیکری ئیسلامی کۆندا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە، لەبەر ئەوەیش نا کەتەنها جوگرافیە، بەڵکو (ئەثنوطرافی) و(ئەنسرۆپۆلۆژی) بووە گرنگی بە کلتوری مرۆڤەکان دەدات، وەسوود لەهەموو ئەوکلتورە جۆراوجۆرانە وەردەگرێت، پاشانیش بە زمانی عەرەبی لەسەریان دەنوسێت، بەوپێەش زمان و فیکری عەرەبی دەوڵەمەند دەکات بە هەموو ئەوانەی کە لە کلتورەکانی تردا هەیە، هەموو کەلتورێکی مرۆیی سەرمایەی خۆی هەیە پێشینەکان لەمە تێگەیشتبوون، بەڵام ئێمە ئێستا وامان لێ

هاتووە ئەم بیرۆکەیە دوردەخەینەوە، و دەڵێین خوایە پەنامان بدە لێی، ئەمە بۆ دوا گەرانەوەیە، ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە پێیدەڵێن (بیرلێ نەکراوە) (اللامفکر فیه) ئەمە جەوهەری ئەو گرفتەیە کە پێویستە بخرێتە ڕوو و نزیکبکرێتەوە لەزهنی خەڵکی گشتییەوە، نەک تەنها بەگرفتی خەڵکی دەستە بژێری بزانین، چونکە لەناو دەستەبژێرانیشدا هەیە نەفامانە دەدوێت، لەم باریشەوە قسەی هەندێک لەو دەستە بژێرانەم گوێ لێ بووە کە بۆنی نەفامی لێ دێت ، هەندێک جار خەڵکی ئاسایی شتانێکی وا دەڵێن جوانترە لەوەی هەندێک جار ڕۆشنبیریەکان دەیڵێن.

پ: کەواتە لێرەوەیە بانگەشەتان بۆ بیرکردنەوە لەو شتانەیە کەبیر لێنەکراوەن و بۆ لێکۆڵینەیش لەبارەی هەموو ئەوانەی لەبەر هۆکاری سیاسی فەرامۆشدەکرێن و دەخرێنە لاوە، یاخود بۆچی ئێوە جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەنسرپۆلۆجیا وەکو زانستێک بۆ لێکۆڵینەوەو شیکارکردنی فیکری ئیسلامی؟

ئارگۆن: بەڵێ جەخت دەکەمەوە لەسەر (ئەنسرپۆلۆجیا) چونکە تاکە زانستێکە کە ڕێنمایی پێویست و گونجاومان دەداتێ بۆ کەشفکردنی کەڵتورەکانی ترو مەزهەبە جۆراوجۆرەکان و گرنگی پێدانیان، بەڵام بەداخەوە ئەم زانستە هێشتا لای ئێمە ونەو گرنگی نەزانراوە، مادام دەرگاکانی (ئەنسرپۆلۆجیا)ش ناکەینەوە، ئەوا ئیدی بیرکردنەوەمان لە بواڕێکی تەسکدا دەمێنێتەوەو هەمیشە ئەو بوارانە لەبازنەی (بیر لێ نەکراوەدا) دەهێلینەوە، وا بەباش دەزانین کە ئەوانە گوێیان پێنەدەین و دابڕێین لێیان چ وەکو گرنگی پێدان و چ وەکو سوود لێ وەرگرتنی، بەڵام ئەگەر پێچەوانەی ئەمەمان کرد، ئەوا بێگومان سوودمەند دەبین، چونکە سەرمایەی کلتوریمان بەمە گەورە تر دەبێت وەدەچێتە خزمەت فیکری ئیسلامیەوە، بەمەیش خەڵکی بۆ خۆی کەمەندکێش دەکات و ئەبێتە جێگەی گرنگیان، چونکە کە لەو دەمارگیریە سیاسی و ڕەگەزایەتیە دەرمان دەهێنێت.

پ: بەپێچەوانەی ئەو تێڕوانینە فۆرمیەوە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی (بیرلێنەکراوە) کەدەبێتە هۆی خولقاندنی گرفت و حەساسیەتی سیاسی و مەزهەبی؟

ئارگۆن: لێکۆڵینەوەی زانستی گومانی تێدا نیە کەشێکی ئارام دەسازێنێت، هەروەها کەشی دانان بە بەرامبەرداو ڕێزگرتنی، نەک کەشی پێکدادان و ڕق لێبوونەوەو دوورخستنەوەی لەخۆت، وەکو ئەوەی ئیدی من فریشتەیەک بم لە فریشتەکان دروست بووبم بۆ ئەوەی لەگەڵ خوادا بژیم، و خوا بەرزمبکاتەوە بۆ لای خۆی، ئەوانی تریش هەموو شەیتانن، نەخێر... ئەمە قسەی شەرە وە جگە لە شەڕ هیچی دی بەرهەم ناهێنێت و سەر لە خەڵک دەشێوێنێت و دواجاریش هەر ئەمە دەبێتەوە بەمایەی سەرهەڵدانی جەنگە مەدەنیەکان وەکو ئەوانەی زۆرێک لە وڵاتانی ئیسلامی و نائیسلامیدا دەیانبینین، ئەمەیش مەبەستی ڕاستەقینەی منە لەو پرۆژەیەدا کەبانگەشەی بۆ دەکەم وەکو پرۆژەیەکی فیکری و ڕۆشنبیری کە لە خودی فیکری ئیسلامیەوە سەرچاوە دەگرێت، لەبەرئەوە هەمیشە دەگەڕێمەوە بۆ دەقە کۆنەکانم، بەڵام ئەم دەقە کۆنانە پێویستە بە ئامرازی نوێ بیانخوێنینەوە، ئەگەر ویستمان بەو شێوەیە بیخوێنینەوە کە هەیە، بەڵام ئەگەر تەنها بە دووبارەکردنەوەی مانا ڕوکەش یە کە ڕازیبووین، ئەوا ناتوانین ڕزگاربین لەکۆنترۆڵی ئەو دەقە کە مێژوو بەتاڵدەکاتەوە، دەق مێژوو بەتاڵدەکاتەوە و دورماندەخاتەوە لە واقیعە مێژوویەکە، ئەگەر تەنها پشتمان بەدەقەکان بەست بەبێ ئەوەی وەزیفەی ئەو دەقانە بەبەستینەوە بە پێداویستیە مێژوویەکان و واقیع مێژوویەکەوە، لێرەوە پێویستە دەقە کۆنەکان بەبەستینەوە بە واقیعە مێژوویە هاوچەرخەکەوەو، ئەمەیش خاڵێکی ترە کە هەمیشە جەختی لەسەر دەکەمەوە ، بۆ نموونە کاتێک دەڵێم پێویستە لەسەرمان بیرکردنەوەی فەلسەفەی زیندوبکەینەوە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئێمە کتێبەکانی ئیبن ڕوشد بەهەمان ئەو شێوەیە بخوێنینەوە کە لە سیاقە مێژوویی کەلتوریەکەیدا نوسراوە، چونکە سیاقی مێژوویی و کەلتوریی ئیبن ڕوشد سیاقی چاخەکانی ناوەڕاستە لە بیرکردنەوەداو ئەم سیاقەیش نوێگەری بەتەواوی بەتاڵێکردوەتەوە، ئەگەر من هەستام بەلەبەرکردنی هەموو ئەوانەی ئیبن ڕوشد نوسیونی، هەروەها هێنام قورئانم دووبارە کردەوە بەبێ ئەوەی ئەم بیرکردنەوە ڕوشدیە ببەستمەوە بەسیاقەکەیەوە کە چاخەکانی ناوەڕاستە، ئەوا کەشفی ئەو بۆشاییە قولەو ئەو ماوە دوورە دەکەم کەلە نێوان ئەو و لە نێوان بیرکردنەوە هەنووکەیەکەدا هەیە دەربارەی واقیعە مێژوویەکە، ئەمەیش کارێکی زۆر گرنگە ئەگەر فەرامۆشمکرد، ئەوا دەبمە کەسێکی میتافیکری، هەروەها گەرانەوەم بۆ کەلتور بەتەنها پرۆسەیەکە بەرەو مردنم دەبات، ئەگەر هاتوو بەئاگا نەبووم لە پرۆسە مەنهەجی و مەعریفیە یان ئەبەستمۆلۆژیەکە، لەبەرئەوە پێویستە بۆ فەلسەفە مێژوویەکی ئەبەستمۆلۆژی دابنێین، نەک مێژوویەک بۆ ئەو بیرۆکانەی پوخت و ئەبستراکتن لە مێژوو لە واقیع، وەکو چۆن ئەمرۆ وا دەکەین.

ئەگەر ئێمە گوتەکانمان دووبارەکردەوە، وەکو چۆن فەرموودەکانی پێغەمبەر یان قورئانی پیرۆز دووبارە دەکەینەوە، بەبێ ئەوەی ئەم دەقانە ببەستینەوە بە سیاقە مێژوویەکانیانەوە کە یەکەم جار لە ژینگەیەکدا گوتراوە، هەروەها بەبێ ئەوەی ببەستینەوە بە مێژووی نوێ، ئەمەش خاڵێکی گرنگە، بۆ نموونە من کتێبێکم هەیە بەناو نیشانی (معارک من اجل الانسنه فی

السیاقات الاسلامیه) نالێم له ئیسلامدا، و ئەو سیاقه میژوویی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریه دەخەمه ڕوو، که هی زەمەنی ئەبو حەیانی تەوحیدیه، کە یەکێک بووە لە گەورەترین تێکۆشەران لە پێناو(الانسنه) دا، هەڵوێستەکەی تەبەنی دەکەم وەکو پیاوێکی بیرمەند کە دەرکی ماناو ڕەهەندەکانی (الانسنه)ی کردووە لەزەمەنەکەی خۆیدا، بەڵام ئەمرۆ ناتوانم هەمان (معجم) و هەمان ئەو چەمکانە بەکار بهێنم کەتەوحیدی بەکاری هێناون، یان تەبەنیان بکەم، ئەمەیش لەبەهای تەوحیدی کەم ناکاتەوە وەکو بیرمەندێک، بەڵکو ئاماژە دەکات بۆ سنوری واقیعی فیکری مرۆیی یان عەقڵی مرۆیی کە پێوەی پەیوەست بووە، هەروەکو چۆن فیکری من ئەمرۆ بەستراوە بە واقیعە میژوویەکەوە، پاش پەنجا سالێ تر، یان کەمتر دەڵێن محمد ئارگۆن لە کوتاییەکانی سەدەی بیستەمدا، بیریدەکردەوە، بیرکردنەوەکەیش پەیوەست بوو بە سنوری زانستەوە لەسەدەی بیستەمدا بـەڵام خاوەنی تێروانینێکی دوور بوو کە ئێمە ئەمرۆ جێگەی گرنگیمانە، بەو شێوەیە ئەوە هەڵوێستی فیکری زیندووە، کە تەنها بەدوبارەکردنەوەی دەقەکان وازناهێنێت بەبێ لێتێگەیشتنیان و بەبێ بەستنەوەیان بەواقیعەوە، بۆ نموونە ئەگەر فیکری کلاسیکی ئیسلامیمان بەستەوە بە سیاقەکانیەوە لە چاخەکانی ناوەڕاستدا و بەسیاقە هاوچەرخەکانەوە، ئەوا ڕەوشی ئافرەت لە کۆمەڵگەکانماندا وانەدەبوو کە ئێستا هەیە.

ئێمە خاوەنی چەندین کلتوری میللی بەهێزو دەوڵەمەند بووین، کە ئەخلاقێکی مەزنی هەیەو دەتوانێت کۆمەڵگە بەرێگایەکی باشدا بەرێت، ئەڵ ئەخلاقەش ئەم کلتوری میللیە لە سیەکان و چلەکانی ئەم سەدەیەدا تێکشکێنراو بووە کلتورێکی(گەلچێتی)

پ: حاڵەتی بیرکردنەوەیەکی کراوە سیمای ڕۆشنبیری عەرەبی ئیسلامی بوو لە ڕۆژانی گەشانەوەو بەهێزیدا ، بەشێوەیەک ئەم ڕۆشنبیریە کراوە بوو بەسەر ئەوی تردا لەهەردوو لایەنی کلتوری‌و مەعریفیەوە، هەروەها بە ڕێژێکی گەورەوە باس لە گەلانی تر دەکات و چەندین مەعریفەی فیکریان لێوەردەگرێت بەبێ ترس، یان داخران، یان دەمارگیری کە ئەمرۆ لە واقیعە عەرەبیە هاوچەرخەکەدا، دەبینین ئەمرۆ جۆرێک لە دەمارگیری کودەتاو ترس هەیە لەبەرامبەرو ڕێژی بەرامبەر ناگیرێت (مەبەستم ترسی مەعریفیە لێی)؟.

ئارگۆن: هەموو ئەم سیمایانە کە بەسەر کۆمەڵگەکاندا هاتن لە کۆتایی پەنجاکان و شەستەکانی ئەم سەدەیەدا، پێشتر ئەمانە نەبوون، ئێمە خاوەنی چەندین کلتوری میللی بەهێزو دەوڵەمەند بووین، کە ئەخلاقێکی مەزنی هەیەو دەتوانێت کۆمەڵگە بەرێگایەکی باشدا بەرێت، ئەم ئەخلاقەش ئەم کلتوری میللیە لە سیەکان و چلەکانی ئەم سەدەیەدا تێکشکێنراو بووە کلتورێکی(گەلچێتی) واتە: تێروانینی خەیاڵی بەسەریدا زاڵ بوو، ئەمەیش دەبێتە ئەو ئەخلاقەی کە پێوەستە هەر ئەندامێک لەئەندامانی خێزان یان عەشیرەت و خێڵ بەدەستیان بهێنێت، شیعری عەرەبی کۆنیش لەسەر باشەو خراپە بونیادنراوە، هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کۆمەڵێک باشە هەیە هەردەبێت هەموو ئەندامێک لە ئەندامانی خێزان ڕێزیان بگرێت، بۆ ئەوەی ژیان لە کۆمەڵگەدا بەرێکی بەرێوە بروات ، هەموو ئەمانە لەناوچوون، تێک شکێنران، لە بیرکران، لە بری ئەمانەیش (ئەلتەرناتیڤ) مان نەدییەوە، هەروەها وامانلێهات شیعری شاعیرە دێرینەکان دووبارە بکەینەوە کە ئەوانەمان بەبیر دەهێننەوە، بەڵام هیچ ڕێگەیەک بۆ جێبەجێکردنیان نییە، ئەمەیش پێیدەوترێت (گەلچێتی)، خەڵکی بێبەشکران، لە کلتورەکەیان چونکە پەراوێزخراو لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکرا، ئەگەر لێکۆڵینەوەیشی لەسەر کرا گرنگی نادرێت بەدەرخستنی ئەو هێزەی کە فرێی داوەتە پەراوێزەوە، ئەمەش هەروەها خاڵێکی گرنگە بەدەر لەوەیش ئەو فشارە دیموگرافیەی لە کۆمەڵگەکەماندا هەیە، لە ڕابردوودا ئێمە لەو کۆمەڵگەیانە نەبووین کە ژمارەی دانیشتوانمان زیاد دەبێت، بەڵام لەشەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکاندا ژمارەی دانیشتوان هەڵکشا بۆ سێ ئەوەندەو زیاتر، واتە تەنها لە ماوەی (30) ساڵدا، ئەم دیاردەیە دیموگرافیە بە شێوەیەکی سلبی کاریکردە سەر کۆمەڵگە عەرەبیەکان، چونکە حکومەت لەو کۆمەڵگەیانەدا سەرکەوتوو نەبوون لە ڕێکخستنی کاروباری ئەم نەوە نوێیانەدا کە ئەمەیش بووە هۆی پەیدابوونی حاڵەتێک لەنەزانی و دەمارگیری و توندڕەوی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

پ: ئێوە زیاد لەجارێک باستان لەوە کردوە کاتێک نەوەکانی سەردەمی خۆت لەکاتی جەنگی ڕزگاریدا دەستیاندایە کاری سیاسی، ئێوە ئاراستەیەکی ئەکادیمی و مەعریفیتان گرتەبەر وەکو ڕێگەیەک بۆ گۆڕینێکی قوڵ ئاگایی و هۆشیاری عەرەبی و ئیسلامی، ئێستا پاش تێپەڕینی (30) ساڵ چۆن ئەو پرۆژە فیکرییەی خۆتان دەبینێنەوە؟

ئارگۆن: دەبینم بە پیرەوە هاتن و وەڵامدانەوەیەکی ئیجابی و باش هەیە بە تایبەتی لە نێو توێژی لاواندا، چونکە لاوان لە

ڕێگەی ئەزموونی ڕۆژانەیانەوە دەرک بەوە دەکەن ئەوەی من دەیڵێم گوزارشت لەو حەقیقەتە دەکات، کە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا هەستی پێدەکەن و بەرچاویان دەکەوێت، هەروەها هەست بەوە دەکەن لەم پرۆژەیەی منداچارەسەری باش و گونجاو هەیە بۆ ئەوەی ئەم واقیعە بگۆڕن، بەڵام چوارچێوە گشتیەکە، کەوا ئارستە ئایدۆلۆژییە گشتیەکەی لە کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامیەکاندا سازاندوە ڕێگە بەم لاوانە نادات ئەم بیرۆکانە لەخۆبگرن، یان بنەمایەکی کۆمەڵایەتی و فیکریی فراوانی لێ دروستبکەن، هەتا بتوانین ڕووبەرووی ئەو ئایدۆلۆژیە ببینەوە کە لەسەر نەزانی بونیادنراوە، یان هاوسەنگی بۆ بگێڕینەوە. ئەم ڕەوتە ئایدۆلۆژیە بەداخەوە بەهێزترە لە ڕەووتە فیکرییەکە، کەبانگەشە بۆ چەکدارکردن دەکات بە ئامرازی فیکری و ڕۆشنبیری بۆ ئەوەی بتوانین واقیع بە ڕێگەیەکی عەقڵانی، ڕۆشنبیری، زانستی، پەروەردەیی بگۆڕین ململانێش لە نێوان ئەم دوو هێزەدا بە داخەوە بەرەو زیاد بوون و گەورە بوون دەچێت.

پ: ئێستا وەکو دەبینین فەیلەسوف لە ئەوروپادا وای لێهاتووە تەوزیفی زانستی کۆمەڵناسی و دەروونناسی و(الالسنیات) و ئەنسرۆپۆلۆژیا و زانستی بەراوردکردنی ئاینەکان و میژوو دەکات و بەو شێوە نەماوەتەوە ئەوە لە بورجی عاجیدا بژی وەکو لە پێشتردا وابوو، بەڕێژەتان قەبارەی ئەو کەلێنە مەعریفیە چۆن دەبینن، کە فیکری عەرەبی لەم زانستانە دادەبڕێت؟

ئارگۆن: کەلێنەکە گەورەیە بەهۆی ئەو هۆکارانەوە کەباست کردن، هەتا ئێستاش بەداخەوە گەورەتر دەبێت، چونکە شەپۆلەکانی(دیمۆگرافی) هێشتا گەورەن، سیاسەتی ئابووری و ئامرازەکانی ڕۆشنبیریش بەداخەوە بەشی ئەوە ناکەن هەموو ئەو لێپرسراوێتیە ئابووری کۆمەڵایەتی و پەروەردەییانە لە ئەستۆ بگرێت، کەئەو شەپۆلە و دیمۆگرافیانە بەسەر کۆمەڵگەکاندا دەیسەپێنن، هەروەها ئێمەیش لە ڕەوشێکی جیهانیدا دەژین هێزێک بەڕێوەی دەبات کە بە (جیهانگیری) ناوی دەبەین، ئەم جیهانگیریەیش گەیاندنی ئەو وەزیفە میژوویانەیە کەوا نوێگەری پێیهەستاوە، یان بەمانایەکی تر ئەو فراوان بوونەیە کە نوێگەری هێناویەتی و درێژکراوەی ئەوە، چونکە نوێگەری هەتا ئێستاش بەرپاو بەردەوامە وەکو پرۆژەیەکی فکری و زانستی بۆ چاککردنی ڕەوش وباری مرۆڤایەتی، تەنها ناوەکەیمان گۆڕیوە، بەڵام ئاراستە گشتیەکە هەتا ئێستاش ئارستەیەکە بەرەو نوێگەریەکی گشتی ترو زیاتر ڕەخساو و گونجاوە بۆ ئەوەی هەموو مرۆڤەکان کە لەسەر گوێ ئەم زەویدا نیشتەجێن لێی سوودمەند بین، چونکە ئێمە لە کاتی خۆیدا و لەسەدەی نۆزدەیەم و بیستەمدا هەڵنەستاوین بە کاری پێویست لە پێناو نوێگەریدا، لەبەر ئەوە ناتوانین بگەینەوە بەو کاتەی کە لەدەستمان چووە، لەهەمانکاتیشدا ناتوانین بگەینەوە بە خێرایی میژوو لەم قۆناغەدا کەپێی دەڵێن قۆناغی جیهانگیری، چونکە ئاستەنگەکان بە درێژایی ئەو زەمەنە کەلەکەبوون، و لە ئێستایشدا ناتوانین بە هەموو ئەو لێپرسراوێتیانە هەستین کەوا لە کاتی خۆیاندا پێیانهەڵنەستاوین، کاتێک کەوا هەلی ڕەخساو هەبوو، و ئاسانتر بوو لەو ڕەوشەی لە ئێستادا هەیە، بۆ نموونە لەسەرەتاکانی ئەم سەدەیەوە گرفتی(دیمۆگرافی) بەم قەبارەیە گەورە نەبوو، دەکرا کۆمەڵگەکانمان بە ئاراستەیەکدا ببردایە، زیاتر سوودمەند بوونایە لەدەستکەوتەکانی نوێگەری بەڵام نەمانکرد، لەبەرئەوە ئێمە ئێستا لەبەردەم چیایەکی قورس و بڵندایین لە گرفت و ئاستەنگی کەڵەکە بوو، ناشزانین لەوێوە دەست پێ بکەینەوە.

پ: سەبارەت بە بابەتی نوێگەری و جیهانگیری، ئەمڕۆ جیهان بە خێراییەکی گەورە دەگۆڕێت، ئامرازەکانی گۆڕانیش وای لێ هاتووە هەمەجۆرو کاریگەرن بە شێوەیەک کە پێشتر وێنەی نەبووە، ڕاگەیاندن و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن ڕۆلێکی سەرسوڕهێنەر دەگێڕن لەگۆڕینی هۆشیاری بە واقیع و بە خێراییەکی گەورە، بەو پێیە ئەگەر پێشتر ڕۆڵی ڕوناکبیرو فیکر سەنتەریەتێکی گەورەیان هەبووبێت، ئەوا ئێستا خەریکە ئەم ڕۆڵە و ئەم سەنتەریەتەیان نامێنێت، وای لێ هاتووە ئامرازەکانی تر ڕۆڵێکی گەورەو بگرە وەحشیانە دەگێڕن لە گۆڕیندا؟

ئارگۆن: بەڵێ ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن، لەبەرئەوە بارودۆخمان خراپتر بووە، چونکە (ئەوەی بیری لێ نەکراوەتەوە) زۆر زیاتر لەوە فراوان و قورس تر بووە، بۆ نموونە کە پێش پەنجا ساڵ لە ئارادا هەبووە، هەتا بەنسبەت ئەوروپاوە دەبینین خەڵکی گوندو جوتیارەکان کەوا کلتورێکی تەقلیدی و زیندویان هەبوو لە ڕابردوودا ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە سیاسەت و ڕۆشنبیریدا، بەڵام ئەمڕۆ خەڵکی گوند بوونەتە کەمینە، هەتا ئەم کەمینەیەش لە هەمان ئاستی ژینگە نوێیەکەدا دەژی کە لە شارەکاندا هەیە، هەروەها هەموو ڕەهندەکان و ئامرازەکانی ژیانی تەکنۆلۆژی نوێی لایە، واتە لەهەمان ئەو ژیانەدا دەژی کە لە شارە گەورەکاندا دەیبینین، بە نسبەت ئێمەشەوە پێش پەنجا ساڵ ژیانێکی گوندنشینانەمان دەگوزەران، کلتوریەکی کشتوکاڵی و جوتیارانە، بەڵام ئێستا هەموو ئەمانە گۆڕاون وای لێهاتووە هەموو خەڵک لەژێر فشاری ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی نوێدان، لە ژێر فشاری مەعریفەیەکی ڕاگەیاندنداندا کە بە سەر هەمووماندا سەپێنراوە، هەتا ئەوانەیش کە لە چیاو گوندەکانیشدا دەژین، بەمەیش ڕەوشی مرۆڤایەتی گـۆڕاوە، بەڵام ئێمە هەتا ئێستایش لەدژە یەکیدا دەژین، چونکە ئێمە تەبەنی نوێگەری ماوە دەکەین و، لەهەمانکاتدا نوێگەریە فیکریەکەمان

فەرامۆشکردووە، لەم نێوانەشدا کەلێنێک دروستبووە کە بەردەوام لە نێوان ئەم دوو نوێگەریەدا قوڵتر دەبێتەوە.

پ: سەبارەت بە نوێگەری فیکری تێینی دەکەین هیچ یەکێک لە بیرمەندانی عەرەب چەمکێکی مەعریفی نوێیان پێشکەش نەکرووە کە بتوانێت فیکرە جیهانیەکە تێپەڕێنێت، بەڵکو بەکار بردنێک هەیە بۆ ئەو مەنهەجە ڕۆژئاوایانەو هیچ کامێکیان چەمکێکی نوێیان پێشکەشنەکردووە، کە فیکرە جیهانیەکە دەوڵەمەند بکەن؟

ئارگۆن: بەکاربردن هەیەو تا ڕادەیەک هەوڵیش لەئارادا نیە، بەڵام ئەم هەوڵانە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی فراوان تەبەنی ناکات، هەتا ژیان و ئۆرگانیەت و جەماوەریەتی لەکۆمەڵگەدا پێ ببەخشێت ، تۆ کتێبێک دەنووسیت کۆمەڵێک زۆر بۆچوونی باشی تێدایە هەندێک خەڵک دەخوێننەوە، بەڵام ڕەوتێک نیە تەبەنی ئەم بیرۆکانە بکات و بنکەیەکی جەماوەری پێ ببەخشێت و لە ڕۆژنامەدا لەسەری بنوسرێت و گفتوگۆو قسەو باسی لەبارەوە بکرێت هەتا بڵاو ببێتەوە و زۆرترین ژمارە لە هاوڵاتیان لێی سوودمەندبن، بە پێچەوانەی ئەمەوە دەبینیت لەنێوان ڕۆشنبیراندا ئیرەیی بەیەکتربردن هەیە، بیرمەندو توێژەر ئیرەیی بە براکەی دەبات هەتا ناوبانگی لەو زیاتر نەبێت، ئەمەیش دیاردەیەکی لەبەرچاوە لای ئێمە ، هەمیشە لە قسەو باسەکانماندا تێبینیدەکەین ئەم کارەساتە لای ئێمە عەرەب بوونی هەیە، لەکاتێکدا دەبینین جوولەکە لەم لایەنەوە زۆر هاوکاری یەکترین و هاوهەڵوێستن و پێکەوە بەستراون، ئەگەر یەکێکیان کتێبێکی نووسی دەبینیت هەموویان لایەنگری دەکەن و نالێن ئەمە کافربووەو پێویستە دوری بخەینەوەو دەربەدەری بکەین، ئەمەش دیاردەیەکە لای ئێمە بوونی هەیەو من

تا ڕادەیەک هەوڵیش لەئارادا نیە، بەڵام ئەم هەوڵانە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی فراوان تەبەنی ناکات، هەتا ژیان و ئۆرگانیەت و جەماوەریەتی لەکۆمەڵگەدا پێ ببەخشێت

دژی دەوەستمەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا من هەتا ئێستا بانگەشە بۆ ئەوە دەکەم کەپێشتر بانگەشەم بۆ کردووە و تێدەکۆشم چۆن پێشتر تێکۆشاوم، بەڵام ئازارم چەشتووە، چەندین کەس لە ڕۆژنامەدا لەسەریان نووسیووم.. هەرگیز من وەڵامی کەسیانم نەداوەتەوە، چونکە ئەوان لەسەر بنچینەی نەزانی دەنووسن، جا باشە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ نەزانیدا بکەم، بێدەنگ دەبم و ئارام دەگرم.

پ: ڕەنگە ئەم گرفتی ڕۆشنگەریی عەرەبی بێت، زۆرێک لە بیرمەندانی عەرەب بیرۆکەی (حیوی) و زیندوویان پێشکەش کردووە، ئەگەر بنکەیەکی جەماوەری هەپایە تا لە خۆی بگرێت، دەیتوانی کۆمەڵگە عەرەبی هەستێنێتەوە و بیگوێزێتەوە، گوێزانەوەیەکی گەورەو فراوان، بەڵام نەیتوانی لە ڕوی کۆمەڵایەتیەوە ڕەوتێک دروستبکات هەتا پارێزگاری لێبکات، و هەرگیز گفتوگۆیەکی فراوان دەربارەی ئەم بیرۆکانە ئەنجام نەدراوە؟

ئارگۆن: نەخێر هیچ گفتوگۆیەک لەئارادا نیە، چونکە بیرۆکەکان پێشنیار دەکرێن بۆ گفتوگۆو قسە لەسەرکردن لەسەر ئاستێکی فکری سەلیم و ڕێزدارداو، بۆ ئەوەی هەموو خەڵک لێی سوودمەند بن، ئەمەش ڕێگەیەکە بۆ ڕۆشنبیرکردنی خەڵک، دووزمانی و ئیرەیی و ڕەتکردنەوەی

ئارگۆن

یەکتری، تەنها دەبێتە هۆی تێکدان و هیچ مایەیەکی نابێت، کارکردنیش بەزهنیەتی تەکفیرو تەحریم ئەگەر زاڵبـوو بەسەر کـاری فیکریدا، دەبێت بڵێین خوا لە هەموومان خۆش بێت، بەداخەوە ئەمە لە هەموو ئەو وڵاتە عەرەبیانەدا ڕوو دەدات کە من سەردانم کردون، و من هەرگیز بەشداریم نەکردووە لەهەر گفتوگۆیەکی نەزۆکانەدا کە لەسەر ئیرەیی و دووزمانی بوونیادنراوە.

پ: بەمەیش ئێستا حاڵەتی گفتوگۆ یان وتووێژی فیکری لە چاو ساڵەکانی شەستدا بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە.

ئـارگـۆن: بەڵێ بـەڵام لەشەستەکاندا ئایدۆلۆژیا بەهێزو زاڵبـوو، بەتایبەتی ئـایـدۆلـۆژی کۆمۆنیست، ئەمەیش ئایدۆلۆژیایەکی دروست نیە لە ڕووی فیکرو ئازادی بیرکردنەوەوە، ئەو تەنها ئاراستە کۆمۆنستیەکە دەگرێتە خۆی و ئاراستەکانی تر سەرکوتدەکات، لەبەرئەوە من هەر لە ئێستاوە پابەند بووم بەدەقە ئیسلامیە کۆنەکانەوە و دەقەکانم وەرگرتووە بۆ ئەوەی بیان خوێنمەوە خوێندنەوەیەکی نوێ، ئەمەیش ئەو میتۆدەیە کە هەر لەسەرەتاوە من گرتومەتەبەر هەتا ئێستا پەیرەومکردووە، لەبەرئەوە هەرگیز بەشداریم نەکردووەو تەنها یەک دێرم نەنوسیوە لایەنگیری فیکری کۆمۆنیستی، یان سۆشیالیستی بکەم، کە ئەمە شتێکی باو و بڵاو بوو لە جیهانی عەرەبیدا لەسەردەمی (عبدالناصر) یان ئەو سۆشیالیزمە عەرەبیە لەجەزائیر لەسەردەمی (بوەمیدن) دا، من ئەوەم ڕەتکردوەتەوە، ڕەتکردنەوەیەکی فەلسەفی و مەنهەجی و مەعریفی و ئەبستمۆلۆژی نەک لەبەر هۆکاری سیاسی، و من دەستم لە سیاسەت نەداوە دەست لێدانێکی ڕاستەوخۆ، و ئەگەر شتێکی سیاسی لەگەڵمدا هەبووبێت ئەوا بە هۆی هەڵوێستە فیکریەکەمەوە بووە، چونکە من بروامواید ئەگەر ئێمە چوارچێوە فیکریەکەمان گۆڕی بێگومان تێڕوانینە سیاسیەکەش کە تایبەتە بەچۆنیەتی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی خەڵکیەوە لەکۆمەڵگەدا دەگۆڕێت. ئەمەش هەڵوێستی من بووە لەبارەی سیاسەتەوە هەر لەسەرەتاوەو هەتا ئێستاش هەمان هەڵوێستم هەیە و بەو شێوەیەش هەڵوێستم دەمێنێتەوە، چونکە جگە لەمە هیچ دەبازبوونێک نابێت بۆ ڕۆشنبیرو بۆ یەکێک کە بیەوێت بیرکردنەوەیەکی حەیەوی و واقیعی ببوژێنێتەوە لەو کۆمەڵگەیەدا کە ئینتیمای بۆی هەیە.

من ئەوەم ڕەتکردوەتەوە، ڕەتکردنەوەیەکی فەلسەفی و مەنهەجی و مەعریفی و ئەبستمۆلۆژی نەک لەبەر هۆکاری سیاسی، و من دەستم لە سیاسەت نەداوە دەست لێدانێکی ڕاستەوخۆ، و ئەگەر شتێکی سیاسی لەگەڵمدا هەبووبێت ئەوا بە هۆی هەڵوێستە فیکریەکەمەوە بووە،

پ: چۆن ئاسۆی ئەم پرۆژە فیکریە لە ماوەی شەستەکاندا بەسەرتدا کرایەوە کە لەو کاتەدا ئەو ژینگەیە ئاخێنرابوو بە ئایدۆلۆژیا؟ چۆن لەو سەرەتا زوەوە ئەمەت بۆ ئاشکرا بوو؟

ئارگۆن: لەشەستەکاندا هیوایەکی گەورە هەبوو کە دەرگای فراوان بۆ ئەم پرۆژەیە بکرێتەوە، بەڵام زۆر بەخێرایی لەبەردەممدا دیواربەندێکم بینیەوە وەکو (مەحمود دەرویش) دەڵێت، بەڵێ ئەو دیوار بەندەی کە (مەحمود دەرویش) لە شێوازە شیعریە مەزن و ناخۆش و هەم خۆشەکەیدا لەهەمانکاتدا باسی لێوە دەکـات، دوێنێ لەو باسەدا لەبارەی (دیواری بەند) یەکەی (مەحمود دەرویـش)موە پێشکەشکرا، یەکسەر من ئەو دیواربەندەم لەبەردەم خۆمدا بینیەوە، من ئەو گوزارشتەی (مەحمود دەرویش) م خوشویست، چونکە من وەکو تۆژەرێک لەبارەی فیکر و مێژووی فیکرەوە ژیاوم هەمیشە لەبەردەممدا ئەو دیوار بەندە هەبووە، بەڵگە هێنانەوە بەدیواربەندی (مەحمود دەرویش) کە تایبەتە بە خۆیەوەو بەژیانیەوەو پارێزگاریەوە لە کێشەی فەلەستین و هەستکردنی بە مەرگ و هەڵوێستی لەبارەیەوە، هەموو ئەمانە لە ڕێگەی شیعرەوە بە دیواربەندێک گوزارشتی لێکراوە، ئەم دیوار بەندەش لای هەموو بیرمەندێکی پاک کە بەدووڕە لە ئایدۆلۆژیا بوونی هەیە. ئەو بیرمەندەی هەرگیز مەبەستی هیچ دەستهاتێکی مادی و هیچ پێگە و بەرژەوەندیەکی سیاسی نیە، بەڵکو زاهیدانە لە پێناو ئامانجە مەعریفەکانیدا دەژی، لەبەر ئەوە دەڵێم (ئەبو حەیانی تەوحیدی) مامۆستاو براو باوکمە، ئەو لەسەردەمی خۆیدا ژیاوە و ئەم دیوار بەندەی لەپێشەوە بووە هیچ جیاوازیەکیش نیە لە نێوان ئەزموونی بیرمەندێکی پاک و زاهید لەهەموو دەسکەوتە مادییەکان، کە تەرخانبوو بۆ بانگەشە و بۆ بیرکردنەوەیەک کە ڕەوشی مرۆڤایەتی بەرەو باش بوون و رزگار بوون دەبات، ڕەوشی ئەم بیرمەندە هیچ جیاواز نییە لەگەڵ ڕەوشی گەورەترین شاعیری نموونەی (مەحمود دەرویش) دا کەئازاری گەلەکەی هەڵگرتووە، لە پێناو بانگەشەی بۆ کێشەی فەلەستین تێکۆشاوەو لەژیانی شەخسی خۆیدا ناڕەحەتی کێشاوە، من موعاناتەکانی خۆم دەبەستمەوە بەموعاناتەکانی (مەحمود دەرویـش) ەوە، ئەو بەقەڵەمی شاعیرێک و من بەقەڵەمی (شیکاری فەلسەفی و مەفهووومی) یەک گوزارشت لەم موعاناتە دەکەین.

پ: ئەم ئازارانە کە تۆ چەشتوتن بەهۆی نەزانی بەرامبەرەکەتەوە،

یاخود بێ ئاگاکردنیەوە بووە؟

ئارگۆن: نەخێر بەڵکو بەهۆی ئەو بۆشاییە ڕۆشنبیری و فیکریەی کە لە کۆمەڵگەکانماندا هەیە، کە من هەر لە منداڵیمەوە لە کۆمەڵگە جەزائیریەکەمدا بەدیمکردووە، ئەویش وای لێکردم پرۆژەکەم بەو ئاراستەیەدا بەرم و، پاڵی پێوەنام ئەو ڕێگە مەعریفیە قورس و نارەحەتە هەڵبژێرم وەکو هەڵوێستێک لەبەردەم ئەو کەڵێنەی کە هەتا ئێستایش فراوان دەبێت و کاریگەری بەسەر کۆمەڵگەکانماندا زاڵ دەبێت.

پ: ئایا لەم پرۆژەیەدا نارەحەتی و ئاستەنگی وا هاتووەتە ڕێت کە توشی ئازارێکی گەورەی کردبیت؟

ئارگۆن: ئازارێکی وا گەورە نا، بەڵکو ئازارێکی فیکری بەهۆی نەگەیشتنە ئەنجامێک لەگەڵ هاوچەخەکانمدا، هەروەها نەبوونی توانا بۆ ڕاگەیاندن وجێبەجێکردن، بۆ نموونە لەسەر ئاستی پەروەردەو فێرکردن ببووینایەتەوە.

پ: هەروەها لەبەرامبەردا تێبینی دەکەین سەنتەریزمی ئەوروپی بە بەدەوامی کاری لەسەر فەرامۆشکردنی ئیسلام کردووە وەکو بابەتێک بۆ لێ توێژینەوەی زۆربەی بیرمەندە ئەوروپیەکان، هەتا ئەوانەشیان کەتەبەنی ئاراستە ڕخنەییەکەیان کردوە بۆ فیکری ئەوروپی بە هەمان شێوە خۆیان بێ ئاگادار کردوە لە ئیسلام و گوێیان پێنەداوە، بەڵکو داخراوبوون لە ناو کلتورە فیکرییە ئەوروپیەکەدا، ئایا پرۆژەکەی ئارگۆن سەرەڕای پرۆژە سەرەکیەکەی خۆی هەوڵیداوە پەنجەرەیەکی ئەو شارستانیەتە ئەوروپیە بەسەر ئیسلامدا بکاتەوە؟

ئارگۆن: بەڵێ هەروەها ئەوەیش بەڕەیەکی تر بەڕەیەک هەیە لە ناو ئیسلامداو بەڕەیەکی تریش لەدەرەوەی ئیسلامدا، ئەم فیکرە ڕۆژئاواییە بەنسبەت ڕۆشنبیرە نا ئەوروپیەکانەوە بەکارهێنراوە، لە پێناو زاڵکردنی ئیرادەو دەسەڵاتی خۆیاندا، نەک لەپێناو تێکڕای بەشەریدا، و من دەڵێم ئەوەی پێی دەوترێت عەقڵی ڕۆشنگەری ئەوروپیەکان بەکارهێناوە لەپێناو بەرژەوەندی کۆمەڵگەکانی خۆیاندا، بەڵام لەدەرەوەدا هەمان ئەم عەقڵەیان بەکارهێناوە لەپێناو زاڵبوون بەسەر خەڵکانی تردا، هەروەها ئەمەیش دیاردەیەکی مێژوویی و بەڕەیەکی تری جەنگ و تێکۆشانی مەعریفیە لەگەڵ ڕۆژئاواییەکاندا.

پ: ئەم پرۆژەیە فیکریەی ئێوە دەنگدانەوەی چۆن بووە لەناو ناوەندە ئەوروپیەکەدا؟

ئارگۆن: ئەوروپیەکان هێشتا گرنگی بەکاروباری خۆیان دەدەن و گرنگی بە کێشەو گرفتی کەسانی تر نادەن، ئەوان پێیان خۆش نیە کەسێک پێیانبڵێت کە ئەم گرفتانە دەگەڕێتەوە بۆ لێپرسراوێتی میژووی ئەوان، چونکە ئەوان دڵنیان کە هەموو گرفتەکان پەیوەستن بە لێپرسراوێتی خۆمانەوە تەنها، چونکە پێیانوایە ئیسلام وای لە موسڵمانان کردووە ببەستزێنەوە بەبیرو باوەڕێکی داخراوەوە کە نەکرێتەوە بەسەر زانستەکان ونوێگەریدا.

پ: سەرەڕای خۆشەویستی و سەرسامی زۆری جەنابتان بۆ (ئەبو حەیانی تەوحیدی) کە فەیلەسوفی ئەدەبیان و ئەدەیبی فەیلەسەفان بووە لە نێوان دەقەکانیدا فەلسەفە و ئەدەب ئاوێزان دەکات، ئەمە لەکاتێکدا شیکاری دەقی ئەدەبی لە پرۆژەکەی محمد ئارگۆندا ئامادەیی نیە. بۆچی گرنگی نادەیت بەدەقی ئەدەبی؟

ئارگۆن: ڕاست نیە کە بوترێت کە من گرنگی نادەم بە دەقی ئەدەبی، من زۆر گرنگی ئەدەم بەدەقی ئەدەبی و ئەدەب دەخوێنمەوەو هەموو فەزڵ و بایەخێک دەگەڕێنمەوە بۆ ئەدەب لەدروستکردنی ڕۆشنبیری مەعریفە لەکۆمەڵگەدا و ڕۆڵی ئەدەب زۆر گەورەیە، لە حالەتێکیشدا کە من باس لە دەقی ئەدەبی ناکەم، دەقی ئەدەبی بەرهەمناهێنم تەنها بەهۆی نەبوونی کاتێکی زیاترەوە بۆ قاڵبوون و ئیشکردنم لەو بوارەدا هەر وەک ڕخنەگرێک و ئەدیبێکی پسپۆڕ ئەم کاردەکات، شتێکی تریش ئەوەیە کە دەقی فیکری زۆر گەورەو قەبە دەخوێنمەوە، ئەمەیش کات و کارێکی زۆر و ناکۆتایی دەوێت، لەبەرئەوە ناتوانم ئەو دووبارە بەیەکەوە کۆبکەمەوە، نەک بەهۆی نەبوونی گرنگی دانمەوە بێت، یان بەهۆی نەبوونی ئارەزووی نزیک بوونمەوە بێت، (ئەدۆنیس) و (محمود دەرویش) هاوڕێ و هاوژانمن لێم تێدەگەن و لێیانتێدەگەم، و لە هەمان جەنگی مەعریفی دا بەشدارین، هەرگیز هیچ ناکۆکیەک لەنێواناندا نیە، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوان ئامرازی خۆیان بەکار دەهێنن و منیش ئەو ئامرازانە بەکاردەهێنم کە تایبەتن بە خۆمەوە.

پ: بەهەمان شێوە تێبینیدەکەین شیکارکردنی دەقی ئەدەبی هەمیشە بووتە هۆی ئەوەی ئاسۆی نوێ لەبەردەم فیکری ئەوروپیدا بکاتەوە، دەقی ئەدەبی پەرەپێدەرو شکۆ پێدەری فیکری فەلسەفی بووە، بۆ ئەمەیش زۆربەی بیرمەندە ئەوروپیەکان کارە شیکاریەکانیان بەرەو دەقی ئەدەبی ئاراستە کردوە، بەو پێیەی کە یەکێکە لە سیماکانی خوێندنەوەی واقیع و کۆمەڵگە؟

ئارگۆن: بەڵێ لەبەر ئەوە بۆ نموونە من دڵخۆشم لە گوێگرتن لە ڕخنەکانی وەکو سوبحی حەدیدی و محمد لوتفی یوسفی ئەوانەی کەچەندین جۆر لە گوتاری ڕخنەی ئەدەبی پێشکەش

بەخوێنەری عەرەبی دەکەن، کەوا یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەوەدا کەوا بیرمەندان دەیڵێن و، من لە ڕووی مەنهەجیەوە هاوڕام لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە لەوبارەوە گوێمان لێ بووە، پێمواێیە پرۆژەی فیکری هاوتەباو گونجاوە لەگەڵ ڕەخنەی ئەدەبیداو هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ پرۆژەی فیکری و گوتاری ڕەخنەیدا، چونکە وەزیفە ڕەخنەیەکە لە هەردووکیاندا یەکێکە، پێویستیان بە هەمان بنچینەو پێوەرو میتۆد هەیە، بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی مەعریفی دا سەلیم بن، کەواتە جیاوازی و ناکۆکی لە نێوانیاندا نی یە.

پ: وتت لەجیاکردنەوەتدا لەنێوان قورئانی پیرۆزو دیاردەی قورئانیدا مەبەستت لەو جیاوازییەیە کە لە نێوان خۆڕاکپێدەری ڕۆحی ئیسلامیەکە بەکەلامی خواوە و لێکۆڵینەوەی دەقە قورئانیەکانە وەکو چۆن دیاردەیەکی فیزیاوی، یان بایۆلۆژی یان کۆمەڵایەتی یان ئەدەبی لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکەین، ئایا ئەمە دانانرێت بە هێرشکردنە سەر ئەو پیرۆزیەی قورئان کە لەڕەهەندێکی غەیبی و ئیمانی و موعجیزەیەوە سەرچاوەی گرتووە؟

ئارگون: نازانم ئەو هێرشە بۆ سەر پیرۆزی دەقەکە لە کوێدایە، هەموو موفەسیرەکان دەقیان تەفسیر کردووەو خوێندنەوەیەکی نەحوی و میژوویی بۆ کردووە، هەروەها کۆمەڵێک شتیان خستوە بەسەر دەقدا کە پەیوەندییان بە مەسەلە دینیەکانەوە هەیە. باشە جیاوازی ئەمە چیبە بۆ نموونە لە نێوان تەفسیری (تەبەری) یان تەفسیری (فخرالدین الرازی) دا، ئایا (الرازی) هیچ پیرۆزیەکی قورئانی بەزاندووە؟ بەنسبەت منەوە هیچ جیاوازی و ناکۆکیەک نابینم، ئەمە لە لایەن ترسانی موسڵمانانەوە، بەڵکو لەڕاستیدا کەسانێک هەیە کە یاری بەدەقی پیرۆز دەکات و بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆی تەوزیفی دەکاتەوە بەدوور لەهەر پیرۆزیەک ئەمە بریندارکردنی دەقە، بە پێچەوانەوەی ئەوە کە ڕێز لە دەق دەگرێت لە ئاستە مانایی و بنەما مەعریفی و مەبەستە ئیلاهیەکانیدا، ڕێز لە ئەمانە دەگرێت، من بۆ نموونە هیچ جیاوازیەک نابینم لە نێوان خوێندنەوەی (ابن عربی) و خوێندنەوەی (فخرالدین الرازی) دا بۆ دەق، و لەنێوان ئەو خوێندنەوەیەدا، کە من بانگەشەی بۆ دەکەم، بە بەکارهێنانی شێوازو میتۆدی نوێ کە زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان هێناویانەتە ئاراوە، وەکو چۆن فخر الدین الرازی لەسەر دەمی خۆیدا ئەو مەعریفانەی بەکاردەهێنا کە لای هەبوون لەمەعریفەی پزیشکی و فەلەکناسی و بیرکاری و جوگرافیا و میژوو، منیش ئەو زانستە نوێیانە بەکاردەهێنم کە لە سەردەمەکەدا هەن، هیچ ناکۆکیەک لە نێوانمان نییە، ئەوەیش ئەم ترس و ترساندنانەی دروستکردووەو دەیەوێت بیسەپێنێت بەسەرماندا، ئەو گوتارە ئیسلامیەیە نەک گوتارە ئیسلامیەکە کەوا ڕێزێکی تەواو دەگرێت لەکەلامی خواو پیرۆزیەکەی، بەڵکو دێت بەو ئامرازانەی لای هەن لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات لەهەموو زەمەنێک لەزەمەنەکانی مەعریفەو پەرەسەندنیدا.

ئارگون

پ: ئێوە لەباسەکەتاندا کە پێشکەشتانکرد باستان لەو جیاوازیە کرد لەنێوان (وەرگر) و گوتاری نوسراودا هەیە و لەنێوان گوتارە قورئانیەکەدا لەزارەکی (شفهی) وبۆ نوسراو وتتان ئەم قۆناغە کە دەقی قورئانی تێپەڕاندوە قۆناغێکی گرنگە؟

ئارگۆن : گرنگە لەرووی مانەوە، هەروەها لە رووی بەرهەمهێنان و وەرگرتنی ماناوە، مانا لەکەسێکەوە کە ئەدوێت، یان لە دەقێکی نوسراوەوە وەردەگیرێت، تۆ ئەو گوتەیەت بینی لە ئەنجامی خوێندنەوەی دەقی (الجداریە) ی محمود دەرویشەوە دروست بووە، هەریەکێک لە خوێنەران و رەخنەگران بەو شێوەیە لە بارەی دەقەکەوە دەدوا، کە خۆی بۆی دەچوو، کەواتە لایەنێک لەهەر دەقێکدا هەیە کە ئەویش لایەنی وەرگرە، ئێمە نازانین هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) چۆن یەکەم جار قورئانیان لە پێغەمبەرەوە(د.خ) وەرگرتووە، ئێمە لەو جێگەیەدا نەبووین، لەبەر ئەوە هەموو موفەسیرەکان دەگەڕێنەوە بۆ لای هاوەڵان بۆ پشت بەستن بەوەی گوتویانە لەبارەی هۆکارەکانی دابەزینی دەقەکانەوە، بۆ نموونە رەنگە چەندین (اسباب النزول) هەبێت هیچ کەسێک نەیزانێت تەنها ئەوانە نەبێت لەو ساتەدا ئەو دەقە هاتووەتە خوارەوەو لە خزمەت پێغەمبەردا بوون، یەکەم دەربرینی ئەو ئایەتە قورئانیانە کە زارەکیانە دەربڕاون و نامەیەکی نوسراو نەبوون، کەوا پێغەمبەر (د.خ) بەخشیبێتیە خەڵک بۆ ئەوەی ببیخوێننەوە، بەڵکو زارەکیانە بەقورئانەکە دواوەو بەو شێوەیەش هاوەڵەکانی وەریان گرتووە لێی، ئەوانیش گوێگری بوون توانیویانە پرسیار لە دەربری گوتارەکە بکەن، هاوەڵەکانی پێغەمبەریش ئەم کارەیان کردووە، لە زۆر شوێندا پرسیاریان لە پێغەمبەر(د.خ) کردووە، بۆ نموونە : لەسورەتی(النساء). پرسیاریان لێکردووە دەربارەی (الکلالە) چونکە شتێکی نادیار بووەو هاوەڵانی پێغەمبەر نەیانزانیوە (الکلالە) چییە، بەڵام هاوچەرخی وەحیە قورئانیەکە بوون؟

ناکرێت هەموو ئەمانە بگوێزرێنەوە، چونکە ئەوەی قسەکانی من دەگێڕێتەوە ئەوا بە سیماو شێوازی خۆی لە گێڕانەوەدا دەیگوێزێتەوە

پ: بەڵام وەحی بەو شێوەیە نوسراوە کەدەربڕاوە؟

ئارگۆن: نەخێر ئەوە مەسەلەیەکی تر کە من قسەی لەبارەوە ناکەم، من قسە لەسەر واقیع دەکەم، بۆ نموونە من وەڵامی پرسیارێکت دەدەمەوە، تۆ سەیری دەموچاوم دەکەیت کەوا کۆمەڵێ شتت پێدەڵێم، هەروەها دەستم بە جوڵانەوەی خۆی هەمان ئەو شتانەت پێیدەڵێتەوە، بەڵام کاتێک ئەم وەڵامدانەوەیە دەگوێزینەوە بۆ شێوەی نوسین، ئەوا خەڵکی ئەوکاتە دەست و دەم وچاوم نابینن و گوێیان نابێت لەدەنگم کە هەموو ئەمانەش بۆ خۆیان هەڵگری کۆمەڵێک مانان، کە ناکرێت هەموو ئەمانە بگوێزرێنەوە، چونکە ئەوەی قسەکانی من دەگێڕێتەوە (بۆ نموونە) ئەوا بە سیماو شێوازی خۆی لە گێڕانەوەدا دەیگوێزێتەوە لێرەوە دەڵێم شێوازی پێغەمبەر (د.خ) لە دەربرینداناکرێت جارێکی تر بگەڕێنرێتەوە، کێ دەتوانێت بیگەڕێنێتەوە وەکو ئەوەی هەبووە، ئەمانە چەند تایبەتمەندیەکی(لسانی) ین لەگوتاری زارەکیدا، گرفتەکە لێرەدا کۆتایی دێت، و ئەمەیش پەیوەندی نیە بەکێشەی خوێندنەوەو گێڕانەوەی دەقەکانەوە لەو رووەوە کە ئایا راستن یان راست نین، ئەوە کێشەیەکی تڕە هی من نییە و دەستی بۆ نابەم.

پ: کەواتە گرفتەکە لە چۆنیەتی وەرگرتنەکەدایە؟

ئارگۆن: تیۆرێکی رەخنەیی ئەدەبی هەیە (قوتابخانەی فرانکفۆرت) لە ئەلمانیادا کە ئاراستەیەکی نوێی هێنایەکایەوە لە رەخنەی ئەدەبی و رەخنەی دەقەکاندا بەشێوەیەکی گشتی، ئەویش ناودەبرێت بەقوتابخانەی (التلقی) وەرگرتن، شێوازی وەرگرتن کاردەکاتە سەر دەق یان گوتار زیاتر لەوەی کەسی دانەر، یان کەسی وەرگر کاری تێدەکات، ئەمەیش تیۆرەکەیە، کە تیۆرێکی گەورەو مەزنە لە چەندین رەهەندەوە، بەڵام ئێمە پێش تر پێمان نەزانیبوو، ئەمەیش ئەو جیاوازییە کە ئەمەوێت بیخەمە روو ئەویش کێشەیەکی (لسانی)یە، هیچ کەسێک گوێی لێ نییە چۆن وشە (زمانەوانیم) دەربڕیوە، چیم ئەوێت (بەدەنگم) (ئارگۆن لێرەدا مەبەستی ئەوەیە وشەیەک کە (بەزار) دەربڕیوە و گوزارشتی لێدەکرێت، لە رووی ماناوە جیاواز دەبێت لە هەمان وشە کاتێک کەسێک بە (نوسراو)ی دەیخوێنێتەوە، خەڵکی خیانەت لە گوتار دەکەن بۆ نموونە، من لە باسەکەمدا کە لێرە لە زانکۆ پێشکەشمکرد وتم: (تفکیک) کردنی گوتاری ئاینی، بەڵام یەکێک لە ئەکادیمیەکان قسەی کرد لەکاتی باسەکەدا، ئەوەی من وتبووم وەریگێڕابوو بۆ گۆرینی بونیادی گوتاری ئاینی ئەوەی من وتم لەکوێ و ئەمە لە کوێ، من خۆم لەوێ بووم و گوێم لێبوو، کەواتە شاهیدی لەسەر ئەمە دەدەم، گوتم پەنا بە خوا ئەگەر شتی وام گوتبێت. ئەمەیشم بۆیە بە نموونە هێنایەوە، بۆ ئەوەی دزێویی ئەو وەرگرتنە بخەمە روو، کەوا مرۆڤ دەکەوێتە ناویەوە، هەتا ئەگەر ئەو مرۆڤە مامۆستایەکی زانکۆیش بێت.

سەرچاوە:-

- مجله نزوی، العدد (26)